# ماڵئاوا

زاهیر جاف



ماڵئاوا ئەی دوورترین تروسکایی ئاخم
من چیدی ناتوانم بە دیار ئەو هەموو
سەرابەوە
دەست بە ئەژنۆ رابمێنم
راوەستم و پێم نەکرێ
رێ لە ئافاتی ئەم زەمەنە ڕەشە بگرم
نا..
چیدی ناتوانم بێدەنگ بم
لەو شەوە تاریکەدا
کە من خۆم شایەتحاڵی کوشتنی
چۆلەکە بێ گوناهەکانی سەر گوێسەبانەکەمان بوم و
نەتوانم شایەتی لە سەر ئەو تاوانە بدەم
من ئەڕۆم و
ئەم مەملەکەتی تاوانە
بۆ ئێوە بە جێدێڵم
من ئەڕۆم و
ئێوە بە تاریکی ناو ئاختان ئەسپێرم
ئێوە خۆتان دەستتان لە خوێنی مندایە
کە چی لە هەموو کەس بە کوڵتر بۆم ئەگرین
من ئەڕۆم و
بە گەمژەیی خۆتان ئەسپێرم
ئێوە بەرجەستەترین تاوانباری ئەم خوێنەن
کە چی بە دوای تاوانباراندا ئەگەڕێن
ئێوە
لە تیرباراندا دەست ڕاستبون
چونکە ڕۆژێک نەبوو چاوی من نەکەنە نیشانە
بۆ پێکانی تیرەکانتان
ئێوە تفتان لە عەرد ڕۆنەدەکرد
چونکە روخساری بە نەفرەتبووی منتان هەبوو
ئای خودایە...
ئاخر من چیم پێ دەکرێت لەوە زیاتر
ئەم ئەشکەوتی تاریکییەتان بۆ بە جێ بێڵم
تا بە ئارەزووی گڵاوی خۆتان ڕەوایی بە تاوانەکانتان بدەن
من ئەڕۆم و

خوێنی بە ناهەق رژاوم بۆ ئێوە بە جێ دێڵم
تا تینوێتیتانی پێ بشکێنن
من ئەڕۆم و
هاواری بە زۆر تاسێنراوم بۆ ئێوە بە جێ دێڵم

تا ئاهەنگتان رازاوەتربێت
نا...
ئیدی ناتوانم
بکوژانی خۆزگەکانم
بە بەرچاومەوە شایی بۆ مەرگی ئارەزۆکانم بگێڕن و
منیش چیم پێ  نەکرێت

من ئەڕۆم و
ئەم سەرزەمینی خوێنە بۆ ئێوە بە جێ دێڵم
تا لە ناو خوێندا وون ئەبن
من ئەڕۆم و
ئێوە بەم زەمەنی شمشێرە
بەم قڕو قاتی ئەوینە ئەسپێرم

ماڵئاوا ئەی راستگۆترین بزەی ساواییم
ماڵئاوا ئەی ساختەترین قاقای گەورەییم
من چیدی پێمناکرێت گەردنم بخەمە ژێر
ئەم هەموو چەقۆ درۆزنانەوە
نا
من ناتوانم نا
من ئەبێ لەم دەڤەری خۆکوشتنەدا
خۆم قوتارکەم
بڕۆم و جەنگەڵێک بدۆزمەوە
کە عیشق تیادا تەنها یاسابێت
من ئەڕۆم و
ئێسک و پروسکی ووردو خاش کراوم
بۆ ئێوە بە جێدێڵم
هەتا رۆحتان ئارامتربێت
نا ئیدی کەس ناتوانێت ڕێ بەم سەفەرەم بگرێت
دوا بڕیارمە
چیتان پێ دەکرێ درێغی مەکەم
ئەوە چاوەکانم دەریبێنن
ئەوە رومەتم بیشێوێنن
ئەوە لاقەکانم

ئەوە سنگم، دڵم ، هەناوم
چیم پێدەکەن بیکەم
من ئەم خەراباتە بە جێدێڵم
من ئەمەوێ رۆحی پاکم لەم
سەرزەمینی تاوانەدا رزگار بکەم
ماڵئاوا
ماڵئا
ماڵ
ما
م
.